# تکایە، گاڵتە بە زمانی کوردی مەکەن!

زۆر جێگەی دڵخۆشییە، کە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، نووسراوە، ووتار و ڕاگەیاندن ، بە زمانی کوردی دەنووسن و بڵاوی دەکەنەوە و بەم چەشنە پەرە بە زمانی کوردی دەدرێت. بەداخەوە، هەندێک لە نووسراوەکان، ئەوەندە هەڵەی ڕێنووس و ڕێزمانی تێدایە، کە  ووشەی ڕاست دەبێتە دەرمانی چاوێشە و وەبەرچاو نایات.

ئەم نووسراوەی کە لەخوارەوە دەیبینن، دەقی ڕاگەیاندنی "**سکرتارییەتی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە**" یە، کە من هەڵەکانیم، تارادەیەک، ڕاست کردۆتەوە.(ووشەی ناو کەوانەکان(پرانتزها) و ئەوەی ڕەنگی سوورە، ڕاستکراوەی هەڵەکانن). هیوادارم، لە ئاستی زمانی کورددا، هەست بە بەرپرسایەتی بکرێت و نووسراوەی پڕ لە هەڵە، ئەویش هەڵەی زۆر ئاسایی و سەرەتایی، بڵاو نەکرێتەوە.

لێرەدا، جێگەی خۆیەتی، خەم وپژارەی خۆم بەو بنەماڵە خۆشەویستە ڕاگەیێنم.

هاشم ڕەزایی 09-02-2008

**ڕاگەیاندنی سکرتارییەتی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە:**

**سەبارەت بەمەرگی لە ناکاوی(لەناکاوی) زارای رەسوڵ(ڕەسووڵ) نەژادی (حەسەنخالی)(خالّی) بە داخ و پەژارەیەکی زوور(زۆر)، زارا رەسوڵ نەژادی(ڕەسووڵنەژادی) مەشهور(ناسراو) بە دایە زارا، دایکی شەهیدانی کۆمەڵە، یوسف(یۆسف) ونەسرین(ی) حەسەنخالی(حەسەنخاڵی) و هاوری(هاوڕێ) مەحەمەدی(محەمەد) حەسەنخالی روژی(ڕۆژی) شەمە(شەممە)، لە ناکاو(لەناکاو) لە سەر نانی بەیانی (نانیبەیانی)توشی(تووشی) تەنگە نەفەسی(هەناسەسواری، هەناسکەبڕێ) هات و لە تەمەنی 80 ساڵیدا دڵی لە لێدان(لەلێدان) کەوت و بۆ هەمیشە بەجێی هێشتین، (.) دایە زارا یەکێک بو(بوو) لەو دایکە شورشگێرانەی(شۆڕشگێڕانەی) کە خزمەتیکی (خزمەتێکی) زووری(زۆری) بە ریبازی(ڕێبازی) کۆمەڵە کردووە، چ وەک پەروەردە کردنی(پەروەردەکردنی) قارەمانانیک (قارەمانێک)وەکو شەهید یوسف وشەهید نەسرین و چ وەک کار وهەلسورانی (هەڵسووڕانی) تەشکیلاتی(ڕێکخراوەیی) بو(بۆ) کۆمەڵە. دایە زارا لە سەرەتای سالی(ساڵی) 60دا لە لایەن بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی دەستگیر کراو بو(بۆ) ماوەی3 ساڵ لە زیندانەکانی ورمێ ومەهاباد ئەشکەنجە وئازار درا، بەلام(بەڵام) هەرگیز کۆڵی نەداو(نەدا و) لە ورەی(ووڕەی) شۆڕشگێرانەی کەم نەبووە. لە دوای(لەدوای) تێپەر کردنی 3 ساڵەکەی و هاتنە دەرێ(هاتنەدەرێ) لە زیندان هەر وەکو جاران هەڵسوراوتر بۆ کۆمەڵە تێدەکۆشا، (.) ئیمە(ئێمە) بە بۆنەی لە دەست دانی(دەستدانی) ئەو دایکە شورشگیرە(شۆڕشگێڕە) هاودەردی و سەرەخوشی(سەرەخۆشی) خومان(خۆمان) لە بنەمالەی(بنەماڵەی) حەسەنخاڵی و بە تایبەت کاک مەحەمەدی حەسنخاڵی وبنەماڵەی رەسولنەژادی وهەمو(هەموو) تێکۆشەرانی کۆمەڵە بە تایبەت لە شاری مەهاباد رادەگەیەنین(ڕادەگەیەنین، ڕادەگەیێنین، ).**

**هەر بژی یادی خوشەویستی(خۆشەویستی)**

**سکرتارییەتی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە 7ی بەفرانباری 1386**